# تێڕوانینێک لە باسەکانی دەوروبەری کۆنگرەی سێزدەی حزبی دیموکڕاتی کوردستان


خالید عەزیزی

xalidazizi@hotmail.com


لەماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا لە سایتی دێمانەدا بابەتگەلێک لەمەڕ بارودۆخی ئێستای ئەو حزبەو ناکۆکیە ناوخۆییەکانی و لە هەمووشیان فرەتر لە پەیوەندیی لەگەڵ کێشەی سەرۆکایەتی یان وەک باوە سکرتێریی نوسراون. لەو نێوەدا وتوویێژێکی بەڕێز حەسەن زادە سکرتێری ئێستای ئەو حزبەش بڵاوکراویەوە کە لەوێشدا کەموزۆر باسێکی لێکراوە. هەروەها یەکێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی ئەو حزبە (قادر وریا) بە درێژیٚ لە بەرگرینامەیەکدا وڵامی کەسێکی بەناوی هەڵوەدا داوەتەوە کە ئەویش خۆی بە لایەنگری حزب و وەک دەڵێن ڕێبواری ڕێگای قاسملوو ناساندوەو سکرتێری ئێستای حزبی بە کوێرکەرەوەی ڕێبازی ئەو ناساندوە. دیارە پێشتریش لە سایتی حدکا دا بابەتێک لە سەبارەت بە کۆنگرەی سێزەوە بڵاوکرابوەوە. ئەزیش سەبارەت بە پەیڤێکی بلاگی پەیڤ بابەتێکم هەر لەدێمانەدا بڵاوکردەوە کە هەم بابەتەکەی من و هەمیش نوسینەکەی پەیڤ پەیوەندیی بەو باسانەوە هەیە کە ئێستا لە کاتی نزیکبوونەوەی کۆنگرەیٚ حزبی دێموکڕاتدا لە گۆڕێدان.

لە پێشدا پێم خۆشە ئەوەی بۆ خوێنەری ئازیز ڕوون بکەمەوە، من کە نوسەری ئەم بابەتەم پێشتر لە حزبی دیموکڕاتدا تێکۆشانم هەبوەو تا 1997 پێوەندییم بەو حزبەوە هەبوە. بەڵام ئێستا هیچ پەیوەندییم پێوەی نیەو بە دڵ ئێشان و تۆرانیش حزبم بەجیٚ نەهێشتوەو وەک دەڵێن دەریش نەکراوم. بە واتایەکی دیکە خۆم حزبم بە جێهێشتوە. ئەگەر سەرەتا کە بوومە پێشمەرگەو تێکۆشەری ئەو حزبە بۆ خۆم بە وشیاریەوە لەسەر هەڵبژاردنی حزب و تێکۆشان تێیدا دەورێکم نەبوو بێت یان تەمەنم هێندە نەبوو بێت کە توانای بیرکردنەوەم لەو بەستێنەدا هەبیٚ ئەوا لە بەجێهێشتنیدا بە ووشیاریەوە بڕیارم لێداوە. چ ئەوکاتەی لە ناو حزبدا بووم چ دواتریش کە حزبم بەجێهێشت کەموو زۆر ڕەخنەم لە هەندێک سیاسەتی حزب هەبوە و لە کاتی پێویستیشدا دەرم بڕیون. لەبەر ئەوەی پێم وایە دەتوانیٚ لەسەر داهاتوو کاریگەری هەبێت و هاندەری پێداچوونەوەشە. ڕەخنە لە کارو هەڵوێست و ستراتیژی حزبێک لە هەر هەل و بارودۆخێکدا بیت دەگریٚ بیگری و کەم و زۆر کاریگەریشی هەیە. بەڵام ڕەخنە و باسکردنی کەسەکان لەدەرەوەی ڕێکخراو بە تایبەت ئەگەر ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بیت بە شتێکی نەباش و نەرێیی دەیبینم. لەو بارەوە دەکریٚ لە ناوەوەی حزب یان ڕێکخراوێکی سیاسیدا ڕەخنە لەکەسەکان و یەکتر بگرن و دەستەو فراکسیۆنیش هەبیٚ. ئەمە وەک پڕنسیپێک وایە بۆ کەسێکی بەستراوە بە ڕێکخراوی سیاسی. لەگەڵ ئەوەشدا وەدەرکەوتنی ئەو باسانە بۆ دەرەوەی چوارچێوەی ڕێکخراوەی سیاسی بەو شێوەیەی ئەندامانی حزبی دێموکرات لەو ماوەیەدا

www.kurdistannet.org

پێوەی خەریکن ئاماژەیە بۆ تەقینەوەی ناکۆکی و ناسازییە کەسیەکانی ناو ئەو حزبەو کورد گوتەنی کرمۆڵە تێکەوتنە. دیارە ئەم جۆرە باشیەکی هەیە ئەویش گەل لە کێشەکان ئاگادار دەبێ و دەزانێ چ باسە. لە بارودۆخێکی وەهادا ڕوناکبیران و دڵسۆزانی بزاڤی کوردایەتی دەکەونە شرۆڤەو بەدواکەوتنی کێشەکەو بە باس و تێبینیەکانیان دەکەونە نەشتەرگەری لە پێناوی ڕاستەڕێکردن. هەر لەو کاتەدا دوژمن و نەیارانی کوردایەتی و کوردەواری دەکەونە قۆستنەوەی هەلەکەو هەوڵی قوڵکردنەوە و خراپترکردنو خوارەڕێکردنی دەدەن.

بەشبەحاڵی خۆم تا لە حزبی دیموکڕاتدا بوم ڕەخنەم لە هەڵسوکەوتی کەسەکان و بیروهزرەکانیان، ئەوانەی پێم وابوە لەبەرژەوەندی حزب و نەتەوەکماندا نین، گرتوەو ڕەنگە بە پێی جێگاو شوێنی خۆم بەربەرەکانێشم کردبن لە پێناوی ڕاستەڕێکردن یان ئەوەی من پێم ڕاست بوە. هەروەها لە سەر بەرنامەو سیاسەتی حزبیش لەکاتی پێویستدا ڕەخنەم گرتوە و پێشنیاریشم کردوە، بەڵام ئێستا کە لە دەرەوەی حزبم، سەرەڕای شارەزاییم لەسەر زۆربە کەسایەتیەکانی ناوەوەی حزب، بە ئەرکی خۆمی نازانم لەسەر کەسەکان بدوێم و بە باش یان خراپ بەراوردیان بکەم یان باشترە بڵێم باشی یان خراپیەکانی ئەو حزبە لە بەرنامەو هەڵوێستەکانی ئەو حزبەدا دەبینم، بۆیەش ئاماژەی ڕەخنەم حزبە نەک کەسەکان. بۆ منێک کە فرم بە حزبەوە نەماوە وەک کەسێکی سەربەخۆو دڵسۆزی دۆزی نەتەوەکەم، تێڕوانین لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حزب و لە هەلومەرجی ئێستاشدا کە ئەو حزبە کۆنگرەی لە پێشە، وروژاندنی ئەو باسانەی کە پێوەندیان بە داهاتووی نەتەوەکەمان و دیموکراتیزەکردنی بەرنامەو هەڵوێستی هێزە تێکۆشەرەکانی گۆڕەپانی کوردایەتی لەناویشیاندا حزبی دیموکراتو ستراتیژی نەتەوەییەوە هەیە، بە ئەرکی خۆم دەزانم.

ئەو باسانەی ئەم چەند هەفتەی ڕابردوو کە بە تایبەتی لە دیمانەدا وەشێندرابوون جگە لە بابەتەکەی س – ماکوان کە چووبووە ناوو کێشە هزرییەکان و هەندێک پرسیاری لە پێوەندیی لەگەڵ ئامانج و هەڵوێستەکانی حزبدا هێنابووە گۆڕێ، ئەوانی دیکە لە چوارچێوەی پیا هەڵدان یان داوەشاندنی کەسەکاندا بوون و هەندێکیش لەو نێوەدا یان وڵامیان داوەتەوە یان بەرگریان لە حزبکردوە و نوسەرانیان(بە کۆمێنت نوسەکانیشەوە) کە زۆربەیان پێدەچێ دۆستان، لایەنگران، یان ئەندامانی حزب بن، بە داخ لە دڵ و دوژمنی ئەو حزبە ناساندوە.

دەرکەوتنی باس و ووتوێژی وشیارانەو ئامانجدار بۆ گەیشتن بە بڕیارو گۆڕانی بەجێ شتێکی ئەرێنیەو دەتوانێ لە قایمکردنی پڕنسیپە دیموکراتیەکان لە نێو کۆمەڵگای کوردی و حزبەکانیدا کاریگەری هەبێت. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو باسانە بە ئاقارێکی دیکەدا دەڕۆن و لە ڕاستیدا باسەکان هەروەک گوترا لەسەر کەسەکان زیاتر خۆ دەنوێنێن. جاری وایە بەجۆرێک وەناو باسەکە دەکەون کە لایەنگری لایەک لایەکەی دیکە بە دیکتاتۆرو هیچ لە بارانەبوو بێخێرو... دەقەبڵێنن و شرت و شۆی لێدەبڕن، ئەمە

www.kurdistannet.org

لەکاتێکدایە کە ئەم داکۆکی کارانە باشدەزانن کە هەردوو کەس لە ناو حزبێکدا کاردەکەن و تەنانەت لە کەسانی دوهەم و سێهەمی ئەو حزبەن. پێموایە ئەم شێوە دەربڕین و هەڵوێستانە، نە خزمەت بە داهاتووی حزبی ناوبراو دەکاو نە ئاماژەیەکە بە گەشەو پەرەدان بە کەلتووری دیموکڕاسی و نە مخابن نیشانەی ووشیاری و ڕادەی بەرزی تێگەیشتوویشە.

حزبی دیموکڕات خاوەنی مێژوویەکی نزیک شەست ساڵەیە. لەماوەی ئەو شەست ساڵە بارودۆخی سیاسی و ئابووری جیهان گۆڕانی گرنگیان بەسەردا هاتووە. بلۆک بەندییەکان و تەرازووی هێز لە جیهان و ناوچەکەدا بەتەواوی گۆڕانی بەسەرداهاتوە. لە وڵاتانی دەوروبەری کوردستان گۆڕانکاری فرە ڕویانداوەو بارودۆخەکەش پێمان ئێژێ کە سەرەتای گۆڕانکاریەکی مەزن لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا دەستی پێکردوە. بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان لە هەمیشە بەهێزترە و گەلێک دەرفەت و بوار بۆ هەرچی بەهێزتر بوون و یەکخستنی وزەو تواناکان ڕەخساوەو گوردی دەوێ کەڵکی لێوەرگرێ. ووشیاری نەتەوەیی و خۆناسینەوە لە ناو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەماندا هیچکات وەک ئێستا بە هێز نەبووەو ئابەو جۆرە گوڵی نەکردوە. ئامرازی پێوەندیی و داموودەزگای ڕاگەیاندنی فرە بۆ لێک نزیککردنەوە و ڕێکخستن و کاری گشتی و وشیارگەرانە بۆ خزمەت بە گەیشتن بە ئامانجە مرۆڤانەکانی کورد لە بەر دەستدان و هەن. ئاڵوگۆڕەکانی دەساڵی ڕابردوو پلە و شوێنی گەلی مەی لەجیهاندا بەرزکردۆتەوەو ئیتر ئێمە گەلێکی بێ پشتیوان نین کە هەزاران مرۆڤی کورد لە چەند خولەکێکدا ببنە قوربانی و کەس گوێی لە هاوارو ناڵەمان نەبێت.

بە هەموو ئەم گۆڕان و بوارە ڕەخساوو ئەرێنیانە کە لە بەردەم تێکۆشەرانی حزبی دیموکڕاتدان کەچی ئەو ئازیزانە ئەوەندەی بیر لە باڵابەرزی و بەژنی سکرتێرەکەیان دەکەنەوە ئەوەندە خۆ بە هزری گۆڕان و خۆ نوێکردنەوەی حزبەکەیانەوە خەریک ناکەن.

حزبی دیموکرات پاش شەست ساڵ کتێبەکەی بەر باخەڵ (بەرنامە) یان هەر هەمان کتێبەو بۆتە کتێبە نەگۆڕە ئاسمانیەکان و کەس ئامادە نیە کفری گۆڕانی وەئەستۆ بگرێ و هەوڵی لە گرێژەنە ڕزگارکردنی بدات. حزبی دیموکرات هێشتاش درەنگ بڕیاردانی بە حەکیمی و لێزانی ناو دەبات.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، ئەو دەستە لە ئەندامان یان لایەنگرانی حزب و ئەوانەش کە خۆیان بە میراتگرو ڕێبواری قورس و قایمی سەروەرانی ئەو حزبە دەزانن، لە جیاتی ئەوەی بەوردی و ژیربێژیانە بکەونە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی حزب و لێی ورد بنەوەو پرسیاری گونجاوی لێ هەڵێنجن و بۆ وەڵامەکەی بگەڕێن و سەرەنجام ئەڵترناتیڤ و جێگرەوە بۆ لاوازییەکان و خاڵە نەرێییەکانی نێو بەرنامەو کارو هەڵوێستەکانی حزب بێننە گۆڕێ و لەبیری چاکسازی و گۆڕاندنی بنەما نەریتیە سواو بێکەڵکەکاندا بن، کەوتوونە بە پیاهەڵدان و بەرزکردنەوەی کەسێک و نزم کردنەوە و لێدانی کەسێکی دیکە کە لەکردەوەدا هەردوو لایان خۆیان بە ئاڵاهەڵگرو خەباتکاری ئەو حزبە دەزانن. ناکرێ کارێکی لەو جۆرە بە لاوازی هزری و بێتوانایی لە ناسینی کێشەو کەلەبەرەکانی

حزبەکەیان نەزانرێ. گۆڕینی کەسێک لە ناو حزبێکدا کە لە ڕووی یاساییەوە دانیپێدانەنراوە و هێشتا لە خەباتی نەهێنی و لە قۆناخی ملەی دژواردایە لە گەڵ بەرامبەرەکەی کە ڕژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیە، ناکرێ بە فاکتەرێکی سەرەکی بەرەوپێشچوون یان لاوازی حزبێک دابنرێ. بەڵام لە ڕێکخراوێکدا کە ڕێبەرایەتی و بڕیاردان بە کۆیەو کەسی یەکەم هاوگونجێنەرو نزیککەرەوەی هزرەکان و جیاوازییە کارکردییەکانە. ئەو کەسە ڕەنگە لە ڕووی پێوەندییە ناوەکیەکانەوە گۆڕانکاری هێژا یان پێچەوانەکەی پێک بهێنێ. کەسی یەکەم دەتوانێ وەک تاکێکی کاریگەری ناو ڕێبەری جێپێی لە داڕشتن و چەسپاندنی سیاسەتی ئەو حزبەدا هەبێ و بەلێزانیەوە سەرنجی ڕێبەرایەتی حزبەکەی بۆ بۆچوون و هزرەکانی ڕاکێشێ و کۆکیەتیەک لەسەریان لەناویاندا مسۆگەر بکات. کەسی یەکەم کە نەتوانێ بەشێوەی لۆجیکی ئەو ژینگەیە بۆ خۆی دروستبکات و مەوداو توانای ئەوەی نەبێ کە هزرو بیری خۆی بسەلمێنێ ناچار دەبێ بیان سەپێنێو ئەوەش بێگومان لە ڕێگایەکی دروست و دیموکراتیەوە جێبەجێ ناکرێ. هێندێک جار ئەگەر پرنسیپەکان و پێوەندییەکی دیموکراتیک لەو حزبەدا لە گۆڕێدا نەبێ تووشی هەڵەی کوژەر دەبێت و لە ڕێگای نابەجێیەوە دەخوازێ بەرپێی خۆی خاوێنکاتەوە بۆ ئەوەی لە گۆڕەپانێکی بێگرێ و بەربەستدا مەرام و ڕوانگەکانی بپەستێوێتە ناو سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئەو حزبە. ئەمەیە کە پێویستە ئەندامان و گشت خەباتکارانی ئەو حزبە بەهەندی بگرن و ڕێی پێنەدەن. حزبی دیموکڕات ئەزموونی کەڵەکەبووی لەم بوارەدا هەیەو زیانی قورس و قەرەبوو نەکراویشی لەو پێوەندییەدا وێکەوتوە. کەواتە ئەگەر ئەندامان و ئەوانەی لەسەرەوە ناوم هێناون و بە شێوەیەک لە شێوەکان ئۆگری ئەو حزبەن و لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەندەی بەرنامەی حزبدا کە سکرتێر دەتوانێ تەنیا دوو دەورە خۆی بۆ سکرتێری هەڵبژێرێ، نیگەرانی داهاتووی جێگرەوەی سکرتێری ئێستایانن، ئەوە زۆر ڕێتێچووترە کە ئەگەر بۆشایی و کەلەبەرێک لە چوارچێوە یان سنورەکانی دەسەڵاتی کەسی یەکەمدا هەیە چارەسەری بکەن و ڕێ لە دووپاتبوونەوەی ئەزمونی دەسەڵات سەپاندن و سەرەڕۆیی و هزری دیکتاتۆڕانە بگرن و قەوارەیەک جێگیر بکەن کە هەڵقوڵاوی پرنسیپی دیموکڕاتیانەو دەسەڵاتی کۆی بەهێز بێت بەجۆرێک کە کەمایەتی یان ڕادەی دژبەرایەتی بڕیارێکی گرنگ کە لەسەر چارەنوسی حزب کاریگەری هەیەو پەیوەندیی بە بەرژەوەندی نەتەوەوە هەیە، بگاتە ئاستێکی نزم. بە واتایەکی دیکە بڕیارێک کە بە زۆرایەتی‌یەکی لاواز دەسەپێندرێ ناتوانێ بە بڕیارێکی بەجێ و چارەساز بقەبڵێندرێ و گەرەکە زۆربەیەکی بەهێزی بۆ دەستەبەر بکرێ. ئەویش نەک لە ڕێگای بەلێن و پەیمان و ترساندن، بەڵکوو بە ڕێبازی سەلماندن و دیالۆگی دروستکەر. هەوڵدانێکی ئاوایە کە دەکرێ هەم ئاماژەیەک بێ بە ژیربێژی توێژی ڕوناکبیرو خاوەن هزری ناو حزبو هەمیش ڕادەی بەرزی خەمخۆریان بۆ داهاتووی حزبەکەیان بگەیەنێ. گومانی تێدانیە دۆخێکی ئاوا دەبێتە ڕەوێنەرەوەی نیگەرانی و دڵەڕاوکەی ناو ڕیزەکانی ئەو ڕێکخراوە.

له سەروبەندی کۆنگرە، وەک نەریت لە حزبی دێموکڕاتدا کە من بۆ خۆم تێکۆشانم تێیدا هەبووە و دڵنیام کە لە حزب و ڕێکخراوی دیکەشدا وایە، باس و دیالۆگ و گلەو گازندە کەڵەکەبووەکان دەژینەوەو بەچڕی دەکەونە ناو کۆڕەکانی دانیشتن و گردبوونەوە گشتی و تایبەتیەکان. توێژی خوارەوە زۆرجار لەو بڕوایەدان کۆنگرە و کۆنفرانس هەر تەنیا شتێکی ڕوکارە و بڕیارو ڕاسپاردەکان لەمێژە داروان و ڕیبەرایەتی و سکرتێریش دەست نیشان کراون!!؟ ئەم بۆچوونە ئەگەرچی ساکارە بەڵام هەندێک جار ڕێی تێدەچێ. سەرەڕای ئەوەش باسەکان بەچری تا هۆڵی کۆنگرەو دواڕۆژەکانی هەروا دەمێننەوە. ئەوەی جێی داخ و سەرسوڕمانیشە ئەوەیە باس و ڕاوێژە هزریەکان لە دەوری کۆنگرەی سێزدەی حزبی دیموکڕات دیار نین و ئەوەی دیارەو بۆتە جێگای وتووێژ، کێشە کەسی یەکەمە.

ئایا لەگۆڕانکاریەکان دڵنیا بوون و پێیان وایە هیچی جێگای دیالۆگ نەماوەو ئەوەی ماوە تەنیا کێشەی کەسی یەکەمە. من پێم وایە پێویستیەکانی ئەمڕۆی حزبی دێموکڕات و بزوتنەوەی کوردایەتی گەلێکن و ناکرێ هەروا بە پنایا تێپەڕین و یان پێمان وابێ مادام بۆ وێنە حزب لە پلینۆمدا فیدراڵی پەسەند کردوە و خودموختاری توڕەدا ئیتر تەواوە. گەلێک پرسیارو لایەنی لاوازی حزب هەیە دەبێ بخرێتە بەرباس و هەوڵی گۆڕین و چارەسەریان بدرێ.

لێرەدا بە کورتی دەخوازم پەنجە بۆ هەندێک گرنگ ڕاکێشم بەڵکوو بتوانێ درگای باسکردنیان بخاتە سەر گازەرەی پشت.

گەلۆ بەڕاستی پێکهاتەی ڕێبەرایەتی حزب وەڵامدەرەوەی پێویستیەکانی ئەمڕۆی بزاڤی ڕزگاریخوازانەو پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆی زانست و کۆمەڵگاو ژیانی شارستانی(مەدەنی) و ڕادەی ووشیاری تاکی کوردستانیە؟ یەکەکێک لە پێناسەکانی حزبی سیاسی پاش پرۆگرام، پێکهاتەی ڕێبەرییەکەیەتی. گەلێک لە سەرکردەکانی حزبی دیموکڕات ئەوانەی سی ساڵ بەر لە ئێستان. لەگەڵ ڕێزم بۆیان بەداخەوە ئەو بەڕێزانە هێشتا بە پێودانگی ئەوکات دەهزرن. ئەو شێوە هزراندنەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو حزبە چانسی گەشەکردنی نەبێ و توانای ڕاکێشانی کەمتر بێ لە هی پاڵنانی، ئەمە سەرەڕای لەباری بارودۆخ. بەربەستکردنی گۆڕان و نوێبوونەوە لەو حزبەدا بەرهەمی ئەو شێوە هزرینەیە. هەندێک شت لەو حزبەدا هێندە بەرگری بێجێی لێکراوە بۆتە پیرۆز. خودموختاری بۆ ئەوان ببووە "نماد"[1]و نەگۆڕ، ئەمە بەرهەمی هزری ڕێبەریە. ناکرێ بگوترێ گەلی کورد خودموختاری پێ ئاواتێکی پیرۆزو بەرزە چونکە گەل لە بنەڕتدا خودموختاری نەخواستوە. خودموختاری ویستێکی سەپێندراوە. بەڵام کاتێک دیموکراتێک بێژێ "پێشمەرگەی دیموکراتم چەک هەڵگری وەڵاتم، خودموختاریە بۆ کورد بەرزترین ئاواتم" بەرهەمی هزرو هەڵوێستی ڕێبەریە. حزبی دیموکڕات پێویستی بە ڕێبەرایەتیەکی ئەمڕۆیی هەیە. ئەو ڕێبەرایەتیەی ئێستا هەیەتی ڕێبەرایەتیەکی ناتەواوە. بەواتایەکی دیکە پاش شەست ساڵ خەبات ئەو حزبە هێشتا ئەندامێکی ڕێبەرایەتی لە ڕەگەزی مێ نیە!. گەلۆ ڕەوا نیە ئەمڕۆ پاش نزیک بە 60 ساڵ خەباتی ئەو حزبە، سەرەڕای ئەوەی دامەزرێنەری یەکەم یەکیەتی

ژنانی کوردستانە! و هەر لەسەرەتاوە خۆی بە داکۆکیکاری مافی ژنان ناساندوە، ئەو پرسیارە بێنینە گۆڕی کە هەیاران دەبێ بۆ تا ئێستا ئەم حزبە نەک ئەندامێکی دەفتەری سیاسی، بەڵکو تەنانەت کۆمیتەی ناوەندیشی لە ڕەگەزی مێینە نەبێ؟ تۆ بڵێی تەنیا پیاوان خەباتیانکردبێ و نێرینە هەڵگری قورساییەکانی شوڕش و بەرخۆدانە شەست ساڵەکەی ئەو حزبە بووبن؟ بەواتایەکی دیکە زۆربەی ئەو بەڕێزانە ژنەکانیان و کچەکانیان لەگەڵیان کێوو هەردو چیاو دۆڵی کوردستانیان نەپێواوە و گوێیان لەگرمەی تۆپ و ڕمبە خۆمپارە نەبووە، یان گرێکوێرەکە لە شوێنێکی دیکەیە؟ بە تێهزرینی من گرێپووچکەکە لە لای ڕێبەرایەتیە. ڕێبەرایەتیەکی پیاوانەو پیاو سالارانە لەو حزبەدا هەیە. 60 ساڵە ئەو حزبە دەم لە مافی بەرامبەری ژنان دەدات کەچی ژن هێشتا، پیتچن، تەلەفونچی، ڕازێنەرەوەو... یە. یەکیەتی ژنانیش هەیە ئەویش فێری کاری ڕستن و چنین و درونیان دەکات و هەندێک وردە خولی فێرکاری دیکەیان بۆ دەکاتەوە. ڕەنگە ژن بۆ خۆی هەنگاوی نەنا بێت، بەڵام ڕێبەرایەتیەک کە شەست ساڵ شتێک بنوسێتەوە، لانی کەم بۆ چاوەزاریش بێت دەبێ هەنگاوێکی بنێ. ناکرێ لە سەدەی بیست و یەکدا حزبێک کە خۆ بە دیموکڕات بوونەوە ڕابنێ بەڵام لە ناو ڕێبەرایەتیەکی زیاتر لە سی کەسیدا تاقە ژنێکی تێدا نەبێت و پێمان وابێت ئەو ڕێبەریە ڕێبەرییەکی ئەمڕۆییە. ئەوە گرێی هزرییە کە ناتوانێ ئەو درفەت و گۆڕەپان و بەستێنە بئافرێنێ کە دەبێتە هۆی چارەسەری ئەو کێشەیە واتە بەشداری یان هاتنە ناوەوەی ژنان.

حزبێک کە دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بوو بێو یەکەم سکرتێری ئاڵای کوردستانی پاش قورئان لە هەموشت بەپیرۆزتر زانیبێ و سوێندی پێ خواردبێ، بەڵام پاش نزیک شەست ساڵ ئەم حزبە لێی بەخاوەن دەرکەوێ و بە حینجەو حەواڵەیەکی فرەو پاش ئەوەی لە هەموان وەدوا کەوت ئەوجا شانی نایەوە بن هەڵدانەوەو پەسەندکردنەوەی ئەو ئاڵایەی کە بە دەستی پێشەواکەی ئەوان هەڵدرا. حزبێکی ئاوا دەکرێ وەک حزبێکی لێزان و وشیارو نەتەوەیی سەیری بکەین؟ یان ڕێبەرایەتی ئەم ڕێکخراوە بە ڕێبەرایەتیەکی بە تەکبیرو هزرڤان بناسێنین؟ ئەرێ بەڕاست ڕووداوەکان حزبی دیموکراتیان گۆڕیوەو دەگۆڕن یان حزبی دیموکرات ڕوداوەکان دروست دەکاو گۆڕانو نوێبوونەوە بەرهەم دەهێنێ؟ حزبی دیموکڕات لە دوای ڕووداوەکانەوەیەو ڕوداوەکان ئاڵایان بەسەر حزبی دیموکراتدا سەپاندەوە! ڕوداوەکان بە گوێی حزبی دیموکڕاتیاندا چپاند کە ڕابن درەنگە، گەلۆ خودموختاری باوی نەماوە و داوای گەلی کورد نیە. دەنا پاش ئەوەی بەسەدان جار لە لایەن ڕۆشنبیران و کەسانی نەتەوەییەوە، چ لە ناو حزب و چ لەدەرەوە، لۆمەکران لەسەر ئاڵاو ئامانج و هەڵوێستیان و ڕەخنەیان لێگیرا کەچی گوێی بیستنیان نەبوو هەتا ڕووداوەکان وەپەلەیان خستن و ناچار بوون بەبێ چاوەڕوانی کۆنگرەو بەشێوەی زارەکی لە لای خەڵکی بیپەژرێنن.

حزبی دیموکڕات لەسەر بنەمای کۆمەڵەی ژ- ک دامەزراوەو هەر لەسەرەتاوەش ناوی حزبی دیموکراتی کوردستان بووە. پاش نزیک بیست و پێنج ساڵ ئەم حزبە کە بە

کوردستانی ناوکی بڕا، کرایە حزبێکی ئێرانی و کوردستانیشی بە یایەک(ی) لە ئێران مارە کردو و هەژگەڵی ئێران بە ناوی حزبی دیموکراتی کوردستانەوە لکێنراو تا ئێستاش هەر تۆز دەکات. بەم جۆرە ئەم حزبە خۆی لە یەکێک لە پڕنسیپەکانی نەبان کردوو لە بنەماو بنچینە سەرەکیەکانی دورکەوتەوە. واتە لە حزبێکی نەتەوەیی و کوردستانیەوە بوو بە حزبێکی ئێرانی. ئەمەش زیاتر حزبی دیموکڕاتی لە ڕاستەقینەو ئامانجە نەتەوەییەکانی دوور خستەوە.

کۆمەڵەی ژ- ک ڕێکخراوێکی کوردستانی و نەتەوەیی بوو. حزبی دیموکڕات وەک دەگوترێ لەسەر داوای یەکیەتی سوڤیەیەت جێی(ناوی) کۆمەڵەی ژ- کافی گرتەوە. ئەوەش بۆ ڕازیکردنی یەکیەتی سۆڤیەت بوو نەک بۆ شتێکی دیکە. دەنا دەکرا ژ- کافیش هەر بەو ناوەوە بە ڕبەی سۆڤیەتیەکان بیپێوێ. لە بارودۆخێکی وەک ئەمڕۆو پاش شەست ساڵ، حزبی دیموکڕات بەجێیە کە هەوڵی ڕاستکردنەوەی مێژووی خۆی و ناوەکەشی بدا. چوونکە ڕەوتی ڕوداوەکان وادیارە حزبی دیموکرات بەرەو ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژ- ک پەلکێش دەکاتەوە و دەیانباتەوە سەر ئەو ڕێبازە نەتەوەییە و ئەمەش شتێکی ئەرێنیە ئەگەر وەدرەنگی نەخات و ڕەنگی ئەمڕۆیی بە باڵا ببڕێ. بەواتایەکی دیکە ناوی "حزبی دیموکراتی کوردستان" ناوێکی ئەمڕۆینە دەبێ ئەگەر ئەو هەژگەڵە ڕەزا قورس و دێزەی لێبکرێتەوە. ئەم چاککردنەوەی ناوی حزب بۆخۆی کردنەوەی دەرگایە لەسەر بنیاتنانەوەی ستراتیژو ئامانجەکانی حزب. ئامانجەکانیش دەکرێ بەرفرەتر بکرێنو لەگەڵ ئەمڕۆدا بگونجێندرێن.

مافی دیاریکردنی چارەنوس ڕەوایەتی هەیە. لەناو ئەو کێشمە کێش و بگرەو بەردەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا گەلێکی بن دەست و وڵات داگیرکراوی وەک کورد تەنێ دەکارێ بە وەدەست هێنانی مافی بڕیاردانی چارەنوس، چارەنوسی خۆی دیاری بکات. هەوڵدان بۆ سەلماندنی ئەو مافە کە ئەمڕۆ ڕەوایەتی هەیەو بنەمایەکی دیموکراتیک و مرۆڤانەشی هەیە، بە ئەمڕۆیی کردنی ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژ- ک ە لە ژێر ناوی "حزبی دیموکراتی کوردستان"دا. گەر گەلی مە دەرفەتی پێبدرێ چارەنوسی خۆی دیاری بکات ئەوە لە نێوان دوو ڕێگا، یەکیەتی ئارەزوومەندانە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی دراوسێ و پێکهێنانی کیانێک کە هەموان بە یەکسان تێیدا بەشدار بن و هەر نەتەوەش لەژێر چەتری ئەو کیانەدا خاوەنی سەروەری بێت، یان سەربەخۆیی، یەکیان هەڵدەبژێرێ. ئەوەش مافی بڕیاردنی چارەنوسەکەیە. لە هەل و دەرفەتێکی ئاواشدا بێگومان گەلێک کە سەدان ساڵە ژێردەستەیەو تینوویی سەربەخۆییە، بڕیاری سەربەخۆیی خۆی دەدات. کەواتە ئەم حزبە گەر وەک حزبێکی کوردستانی بە دوایی وەدەست هێنانی مافی چارەنووسدا کە پشت بە پڕنسیپی یەکیەتی ئارەزوومەدانەو سەروەری و بنەمای وەک یەکی ئەستورە، وێڵ بێ و خەباتی بۆ بکات، جەماوەرێکی فرەتر تێوەی دەوروکێن و پشتگیری لێدەکەن. ئەمەش لەو قەتیسمان و گەمارۆیە ڕزگاری دەکات. یان باشترە بڵێم ئەو گۆڕانکاییەیە کە ئەو حزبە دەژیەنێتەوە.

حزبی دیموکڕات له پاڵ ئەو گۆڕانەدا دەکارێ بەڕاستی وەک حزبێکی دیموکڕات هەوڵی ناسین و چەسپاندن و کارپێکردنی دێموکراسی له کوردستاندا بدات و خۆیان لەگەڵ سەرەتاکانی ڕابهێنن و بیگوازنەوە بۆ ناو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان. ڕاهاتن به ژیان و پەیڤینی دیموکڕاتیانه له ئەرکەکانی ئەمڕۆی بزاڤی ڕزگاری خوازانەی کوردستانیه. چەسپاندنی چەمکی گوێگرتن له بەرامبەر و ڕێزدانان بۆ هزری ئەوانی دیکه، توڕدانی کەلتوری پیاوانه و مەزنایەتی نێرو بوارخۆشکردن بۆ بەشداری ژنان له بڕیاردان و دەسەڵاتدا ئەرک و پێویستی هەنووکەیین.
پێداچوونەوە بەسەر شێوەکانی خەبات یان داڕشتنەوەی بناخەکانی ڕێبازو ڕێگای خەباتکردن بۆ گەیشتن به ئامانجەکان دەتوانێ له سەر سەرکەوتنی ئەو حزبه و گەیشتن بەو ئامانجانه کاریگەری هەبێت.
له ڕوانگەی منەوە به مسۆگەر کردنی ئەو گۆڕانانه دەکرێ بڵێین کۆنگرەی سێزده کۆنگرەیەکی سەرکەوتووە. هیوادارم توانیبێتم مەبەستەکانم بپێکم و بەم نوسراوە بەشدارییەکی هەرچەند کەمم لەو باسانەدا کردبێت که له کاتوو ساتیی نزیکبوونەوە له بەڕێوەچوونی سێزدەهەمین کۆنگرە حزبی دیموکراتدا له گۆڕێدان.

ئوستراليا
12ی جۆزەردانی 2704

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org